نێچیرڤان بارزانی پێرێزبایێکی گەرم لە ئەردۆگان دەکات بەبۆنەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی تورکیا

لە ڕاگەیەندراوەکدا سەرکایەتیی هەرێم بڕاوی کردۆوە، نێچیرڤان بارزانی پێرێزبایێکی گەرمی لە ئەردۆگان کرد بە بۆنەی سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنی تورکیا.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە، "ئەوارەی ڕۆژی چوارشەممە، نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ ڕەجەب تەیب ئەردۆگان سەرۆک کۆماری تورکیا، بەبۆنەی سەرکەوتنی پارتی داد و گەشەپێدان (ئاک پارتد)یەوە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیادا بە گەرمی پێرێزبایی لە بەڕێزیان کرد و هیوای سەرکەوتنی لە گەڵی دووەمی هەڵبژاردنی سەرکایەتیدا بە خواست.

نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێم دووپاتی کردەوە کە هەرێمی کوردستان بە بایەخەوە لە هەڵبژاردنەکانی تورکیا دەڕوانێت و خۆشحاڵی بە سەرکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی و ڕێکوپێکی و ئارامیی پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕۆژەی بەرزی بەشداری لە دەنگداندا دەربڕی.

بارزانی بۆوا و گەشبینیی خۆی بە سەرکەوتنی ئەردۆگان لە گەڵی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیی کۆماری تورکیادا نیشان دا، هەروەها سەرکەوتنی ئەردۆگان بە گرنگ و پێویست بە گەلی تورکیا و ئێستا و قۆناغی داهاتوو لە قەڵەم دا.

لای خۆیەوە ئەردۆگان، سوپاس و پێزانینی خۆی و ئاك پارتی بە پەیوەندی و پێزبایيی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەربڕی و جەختی لە خواستی وڵاتەکەی بۆ بەرەودان بە پەیوندییەکانی لەگەڵ هەرێمی کوردستان کرد.